# گێڕانەوەی ئارامییە..
# قۆناغەکانی بنیاتنانی ئیمان لە دڵ دا دەکرێت

خودای ڕەحمان لۆ ئەوەی مرۆڤی دروست کردووە، تاکو سەقامگیریی بەرپا بکات و پەیامی خۆی بگەیەنێت. بەڵام خستنە سەر ئەرزی واقیعی ئەو پەیامە پێویستی بە کۆمەڵێ ئامراز و هۆکار هەیە، کە دەبێ زەمینە سازییان لۆ بکرێت.

بە هۆی تێنوێتی و پێویستی مرۆڤ بە ئیمانێکی ڕاست و دروست، دەست بە وانەکانی چۆنییەتی دروستبوون و زیندووکردنەوەی ئەو ئیمانە لە ناخی مرۆڤدا دەکەین.

لێرەدا دەپرسین ئایا ئەو دۆخ و گۆڕانکارییە ئیمانیانە چۆن لە ناخی مرۆڤی سەرکەوتوودا بنیات دەنرێنەوە؟ شێوازی دروستبوونیان چۆنە، ئامرازەکانی چین؟ دەبێ قۆناغەکانی دروستبوونی ئەو ئیمانە لە کوێوە دەست پێ بکات؟ هەوڵ دەدەین لەو بەشەدا بگەینە تەواوی ئەنجامەکان.

## سەرەتایەك

بە پشتیوانی خودای ڕەحمان دەست بە وانەکانی ئیمان و چۆنییەتی دروستبوونی دەکەین، یاخود زیندووکردنەوەی ئەو ئیمانە لە ناوەوەی مرۆڤ، بەو نیازو هیوایەی کە خودای ڕەحمان بیکاتە مایەی خێرو بەرەکەت لە ژیانماندا، لە ڕۆژی دواییشدا لە تەرازووی کردەوە چاکەکانمانی دابنێ.
لە یەکەمین وانە لە خزمەتتان، لۆیە وەکو پێشەکییەك پێم خۆشە هەندێ خاڵ ڕوون بکەمەوە، تا لە وانەکانی داهاتوودا تێگەیشتنمان لۆ بابەت و ماددە زیاتر بێت، بەو نیازەی خودای ڕەحمان بمانگەیەنێتە ئەوپەڕی پلەکانی چاکەکاریی.

## لە بەرچی وانەی ئیمان؟

یەکەمین شت دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە" لۆ وانەی ئیمان و چۆنییەتی دروستبوونی یاخود چۆنییەتی زیندووکردنەوەی ئیمان لە ناوەوەی مرۆڤی ئیماندار لۆ هەر مرۆڤێك هەڵبژێردراوە؟

## چۆنیەتی دروستبوونی ئیمان

پێش ماوەیەك، لە کاتی گوتنەوەی وانەکانی سیرە بەڵێنێکمان دابوو، کە ئیمان تاکە خاڵی بنەڕەت و پەیوەستە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاری جیهان تا مرۆڤ بتوانێت بە ئیمانی ڕاستەقینە بگەیاتە خودای ڕەحمان، ئەوەی دەمێنێتەوە لەپاش ئیمانەو هەرچی هەیە لە قورئان و ڕێبازەکەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، هەمووی ڕێگە خۆشکردنە لۆ ئەو دۆخە ئیمانییە، لەبەر ئەوەیە قورئان (٨٧٠) جار جەخت لەسەر ئەو ڕەهەندە لە ناخی مرۆڤ دەکاتەوە، وشەی ئیمان و دارشتەکان (المشتقات)ی لە (٨٧٠) شوێن باسکراوە، لەوەوە خودای ڕەحمان بە سیفەتی ئیماندار پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ دروست دەکات، ئەو کات فەرمایشتەکانی خودای ڕەحمان لەسەر مرۆڤەکە بە فەرمان جێبەجێ دەکرێت، ئامادەباشیش لە ناخی مرۆڤ دروست دەبێت تاکو قەدەغەکراوەکان جێبهێڵێت و فەرامۆشیان بکات، بەڵام بە مانای نەهی لێکردن، هەرئەوەش مەبەستمانە. ئەو دۆخ و گۆڕانکارییە چۆن لە ناخی مرۆڤ دروست بکەین؟ هەروەها شێوازی دروستبوونی، سیستەمی دروستبوون، ئامرازەکانی دروستبوون، قۆناغەکانی دروستبوونی ئەو ئیمانە چۆنە؟ نموونەی زیندوو لەناو قورئاندا رسول الله بوو(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە ئیمانیان پێهێنابوو (الذین آمنوا مع الله).

## فەرمانی پەروەردگار

لای هەمووان ئاشکرایە کە ئامانجی هەموو ئایینەکان ئەوە بووە ناوەوەی مرۆڤەکە بنیات بنێت، تاکو ئەو مرۆڤە بتوانێت دەرەوەی خۆشی بنیات بنێتەوە، لە هەموو پەرتووکە ئاسمانییەکان و بە تایبەتیش لە قورئاندا خودای ڕەحمان پێداگیریی لەسەر ناوەوەی مرۆڤ کردووە، ئەگەر هاتوو ناوەوەی مرۆڤەکە گۆڕا، ئەو کاتە ە دەرەوەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگۆڕێت، ئەگەر ناوەوەی ئەو مرۆڤە نەگۆڕا ئەوا ئەوەی دەرەوە دەیکات هەمووی نماییش و ڕواڵەت و دیبلۆماسییەتە، تەکتیك

و نواندنە (تفنون)ە، ئەگەر ڕاستییشی تێدا بێت ئەوا سنووردارە، لۆیە قورئان ئەو ململانێیە بە هەموو لایەنەکانییەوە تۆمار دەکات، بە هەموو ڕەنگ و جۆرەکانی، بە هەموو تەوەر و ئاسۆیەکانی ئەو ململانێیە مەزنە لە ناخی مرۆڤ دەستنیشان دەکات، پاشان بەجێی دێلێت تا بە ئۆتۆماتیکیەت بە نەرم و نیانی لە دەرەوە دەربکەوێت و ئاشکرا بکرێت، لۆیە هەرچی فەرمایشتە لە قورئان بە فەرمانکردن، وابکە، وەکو: (أقیموا الصلاة وآتوا الزکاة). لە شێوازی ئەو فەرمایشتانە لە هەموو قورئاندا بە وشەی (آمنوا) دەست پێکراوە، فەرموویەتی: (یا أیها الذین آمنوا أقیموا الصلاة، یا أیها الذین آمنوا)، ئینجا (آتوا الزکاة)، وا دیارە گۆڕینە ناوەخۆییەکە لە بنەڕەتدا بوونی هەبووە، پاشان لەسەر گۆڕینی ناوەوەیەو، دەرەوە دواکەوتەو پاشکۆی بووە، دەرەوە لە سەر ناوەوە بنیات دەنرێت، ئەوە ڕەهەندی ئەرێنییە لە قورئاندا، رەهەندەکەی تر هەرچی نەهی لێکراو هەیە، بە مەیکە، ئەگەر لە قورئاندا هاتبێ دیسان لە بنەڕەتدا (یا أیها الذین آمنوا)ی پێشخراوە، بە نموونە" (قُل لِّلْمُؤْمِنِینَ یَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَیَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ(النور٣٠). ئەم حاڵەتە وەك زنجیرە وایە، لە قورئان (نهی) لێکراوەکانیش بە وشەی ئیمان دەست پێکراوە، لە ئەنجامدا چی دەردەکەوێ؟ ئەوەی دەردەکەوێت ئەگەرهاتوو ئیمان بوونی نەبێ و ئیمانی ڕاستەقینە نەبووبێ، ئەوا هەرچی کردەوەیەك کرابێ لە دەرەوەی مرۆڤ، کە مرۆڤ بەجێی بگەیەنێت، ئەو کردەوەیە جێی گومانە، لە ڕەهەندی فیترە یان ڕەهەندی خوو خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر هاتوو فؤاد ئیشی لەسەر نەکرێ و نەکرێتەوە فیطرە، ئەو وەختە هەر هێزێکی دەرەکی کە لە هێزی خووەکان لە ناخی مرۆڤەکە بەهێزتر بێت، دەتوانێت ئەو بەجێگەیاندنە یان ئەو (نهی) لێکردنانە لە ناخی مرۆڤ لاببات. لۆیە ئەگەر تەماشای خۆمان بکەین ئەو دەستە موبارەکە بە پشتیوانی خودای ڕەحمان زۆربەمان لە ژیانی واقیعیماندا تووشی جۆرەها ململانێ بووینە و زۆرجار بەڵێنمان بە خودای ڕەحمان داوە، لەسەرمان لابچێت بەرزو ساغ بین.. پاك بین، لەگەڵی راستگۆ بین و پەرستشەکانمان بەجێ بگەیەنین، یاخود فلانە گوناە، فلانە شکست، فلانە خراپە لە کردەوەکانمان هەیە ببیڕینەوە و وازی لێبێنین، زۆربەمان پاش ماوەیەکی کەم پێداچوونەوەمان بە کردەوە خراپەکانماندا کردووە، یاخود ئەگەر پەیمانێکمان دابێتە خۆمان، کە خودامان کردۆتە شاهێد لەسەر خۆمان کە ئیشە چاکەکەی بکەین، بەڵام بەجێگەیاندنەکەی کاتیی بووە، هۆکارەکە بریتییە لەو دۆخە فیطرەییەی کە لە ناوەوەی مرۆڤ بوونی هەیەو ئیشی لەسەر نەکراوە، یاخود فیطرەش نییەو ئاستی لەویش کەمترە، ئەو میراتە ژینگەییانەی کە دەوروبەرێکەو ئایینی هەیە، ئینجا خێزان بێت یان برادەرو دۆست و خۆشەویستان، لەهەر سەردەمێك و جێگەیەك ئەو دۆخە دروست بوو بێت، ئەو مرۆڤە خۆی لەو کەشە بینیوەتەوە، ئەگەر ئایینی هەبێت.

خەڵکی نوێژ دەکات ئەویش نوێژ بکات، خەڵك ڕۆژوو دەگرێت ئەویش ڕۆژوو بگرێت، بەڵام نێوانی خۆیی و پەروەردگار ململانێیەکی زۆر بەهێز لەوپەڕیدایە، بەهیچ جۆرێك دڵنیایی و ئارامی دڵ (إطمئنان و إنشراح) لە ناوەوەی ئەو مرۆڤە هەستی پێ نەکرێت، ئەوانەی ناومان برد زاراوەی ئیمانین، دەبێ لە ناوەوە هەستیان پێ بکرێت.

## ئایا قورئان كۆن دەبێت؟

بە پێی پێوەرەكان ئەو دۆخەی كە ئێمەی تێداین لەوانەیە خودای ڕەحمان دانی پێدانەنێت، حەزیش نەكا ئەو حاڵەتەی مرۆڤ بەردەوام بێت، چ لە كۆن و چ نوێ تێیدا بووە یان تێیدا دەبێ، لۆیە ئەگەر بێتو قورئان شیبكرێتەوە، مرۆڤ دەگاتە ئاستەك لە دۆخی ئیمانی ئەوەی كە زۆرێكمان تێیدا دەژین، دۆخە نەرێنییەكە لەناویدا بوونی نەبێ، ئەوەی كە زۆرجار بەڵێنی داوە شتی چاك بكات و نەیكردووە.. بەڵێنی داوە شتی خراپ لە خۆی بپچڕێنێت نەیتوانیوە بیپچڕێنێت! قورئان باسی نموونەگەلێك دەكات كە گەیشتوونەتە ئاستێكی نەوعی لە ئیمان، گوناهیان نەكردووە وەك چەمكی لە فەرمان دەرچوون (عصیان) یان بە چەمكی گوناە (إثم)، **(هەڵبەتە هەوڵدەدەین چەمك قورئانییەكان بەكاربێنین)**، كە ئەوانە گەیشتوونەتە ئاستێك لەسەر گۆی زەوی پەروەردگار لێیان ڕازی بووبێ پێش كۆچی دواییان بە چەندەها ساڵ، ئەوەی زانراویشە یاساكانی خودای ڕەحمان لاستیكی نییە، یەك جۆرە یاسایە.

سیستەم و یاسای خودای ڕەحمان لاستیكی نییە، كە كەسەكە لەسەر گۆی زەوی گوناە بكات و لەهەمان كاتدا لێی ڕازی بووبێ، لۆیە ئەو باوەڕە بەڵگە نەویستە دروست دەبێ ئەو كەسە پیرۆزە بە هۆی ئەو ئیمانە كە تەقوا پەیژە و (مصعد)ە تێیدا، ئەو مرۆڤەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی كە بە كردەیی ئەو ڕەهەندە نەرێنییەی لەناوەوەی مرۆڤ وەك تاك هەیەتی هەمووی پاك كردۆتەوە، گەیاندیتیە ئەو ئاستەی كە ئەو كەسە بەهیچ جۆرێك خودای ڕەحمان لە خۆی زویر نەكات.. ئەمە ئەگەر لەسەر دونیاش پانزە ساڵی تریش بمێنێ، ئەو جۆرانە لە قورئاندا جۆرایەتییەكی مێژووییان نییە، مێژوو لە قورئاندا ئەو دۆخەی ناوبردبێت لە دەستەی(الذین آمنوا مع) دەستەیەك بن و هەبن و بەس، كات لایان بەرێت و چیتر ئەو حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە، نەخێر، لەبەرئەوەی ئایەتەكانی خودای ڕەحمان ئەوانەی دروستكردووە و ئایاتەكانی خوداش شایەنی دووبارە بوونەوەیەو هەرچی لەناو قورئانە هەر هەمووی بێجگە لەو پەیوەندییەی كە خوا خۆی پەیوەستە بەخۆی، خۆی و ناوو كردارە پیرۆزەكانی خۆی، ئەوەی تر لە قورئان هەمووی ئایاتەو شایەنی دووبارە بوونەوەیە، بەڵام لەسەر دەستی ئەو نەوعیەتانە و ئەو نموونانەی كە بە كردەیی بە هۆی ئەو دۆخە ئیمانییە دەهێنرێنە بوون، لۆیە ئەو دۆخە مێژووییە كە پەرتوكەكان لە مێشكمانیان داناوە، دەستەی (الذین أمنوا معه الله) كە هەردەم مەبەستم دەستەی هاوەڵانە، ئەوانە حاڵەتێكی مێژوویی نین و نەبووینە، بەڵكو دووبارەبوونەوەیە، حاڵەتەكە دەبێ هەردەم دووبارە ببێتەوە هەتا بوون هەبێ، تا ڕۆژی دوایی و ڕۆژی لێپێچینەوەو تۆمار (حیساب و كیتاب)، ڕۆژی (یوم الدین)، دەبێ هەمان ئەم نموونانە دووبارە ببنەوە، كەواتە" ئەو كەرەستەو ئامرازو ئەو هۆكارانەی كە ئەو نموونانەی دروست كردبێ لەناو ئایین دەبێ لەهەمان كاتدا ئەویش بمێنێ، لۆئەوەی هەر مرۆڤێك لەهەرسەردەم و لە هەر شوێنێك، ویستی بگات بە هەمان دۆخ بە هەمان ئاست دەبێ پێی بگات، ئەگەر وا نەبێ پەنا بەخوای ڕەحمان لە چەمكی دادوەرێتی خۆی دەبێ بكەوێتە جێگەی گومان، یان پێداچوونەوەی لۆ بكەین، كەواتە" لە دەرەنجامدا ئەو ئامرازانەی كە پێشەوا عومەر و موصعەب و زوبەیری كوڕی عەوام و ئەبو بەكر، ئەو ئامرازانەی كە ئەو دەستە پیرۆزە دەگەیەنێتە ئەو ئاستە بەرزەی (سقف)ەی كە پێش وەفاتیان بە دەیەها ساڵ

لەسەر گۆی زەوی و پێش ئەوەی بچنە نێو گۆڕو بەرلەوەی بمرن، خودای ڕەحمان کارتی رازیبوونی پێدابن، ئەو ئامرازانە دەبێ دیسان بمێنن، هەموو مرۆڤێك، هەر مرۆڤێك، لەهەر سەردەمێکدا ویستی بگاتە ئەو دۆخەی، بە سادەیی و ئاسانی دەبێ بیگاتێ، ئەگەرنا قورئان پێویستی بوونی خۆی کۆتا هێناوە، کە ئەمەش ناشێت و نابێت، وەکو دەرمانێك پەنا بەخوا دەبێ بڵێین قورئان ئێکسپایەر بووەو توانای ئەوەی نەماوە هەمان کەس بەهەمان سیفەتداریی و تایبەتمەندێتی بێنێتە بوون.

## ئیمان زیاتر لە (٦٠) پلەی هەیە

لێرەدا زیاتر لەسەر وشەی ئیمان دەوەستین لەجیاتی زاراوەی تر کە لە پەرتووکە کۆنەکان بە زانستی وشەکان (علم الکلام) ناونراوە، پێشینەکان ڕەحمەتی خوایان لێبێت بەو جۆرەی لە پەرتوکەکانی خۆیان ناویان بردووە ئەو زاراوەیە بریتی بووە لە شێوازی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان خودی مرۆڤ لەگەڵ خودای ڕەحمان بەڵام ئەگەر سەیرێکی رووکەشی وشەکە بکەین، بە تێڕوانینم ئەگەر بمانەوێت پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی ڕیشەیی بێت و کانگەی (الصمیم)ی مرۆڤ بە دروستکاری خۆی ببەستێتەوە، ئەوا بە قسە کۆتایی پێ نایەت، بە قسە دروست نابێت، بە قسەش بنیات نانرێت تا بە کردەیی ئەو ناخەی یان ئەو ناوەوەی مرۆڤ کە مەبەستمانە گۆڕا بێت ئینجا ئەندامەکانی و دەرەوەی ئەو مرۆڤە پاشکۆی ئەو گۆڕینە ناوەخۆییە بێت و بە کردەوەی صالح لە دەرەوەی ئاشکرا ببێت، لۆ ناوەکەی (کلام) بووە(علم الکلام)؟ ئەوە بابەتێکی وردە و نامەوێت زۆر بچینە ناوەڕۆك، ئەو بەدوای یەکهاتنە جۆرایەتییە هەتا ئەم سەردەمەش گەیشتە ئەو دۆخەی کە مرۆڤ پەیوەست دەکا، ناوەوەی مرۆڤ دروست دەکات و دەیبەستێتەوە بە دروستکەری خۆی، لەم دواییانەشدا ناونراوە بە (عقائد)! هەردوو وشە لە قورئاندا بەو جۆرەی تیشکی نەخراوەتە سەر و ئەو مانایانەشی نییە، جا زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت هەرچ مەبەست و ویستێکیان هەبووبێت لەو زاراوانە ئەوا خۆیان دەیزانن، بەڵام وشەی ئیمان لەگەڵ وشەی عقائد جیایە و جیاشە لەگەڵ (علم الکلام)، چونکە ئیمان دۆخێکە لە ناوەوەی مرۆڤ دروست دەبێت، پلەپلەیەو جۆری هەیە، مرۆڤ هەروەك چۆن هەست بە نەخۆشی دەکات، ئەنفلەوەنزاو تای ماڵتە نیشانەی هەیە، ئیمانیش بەهەمان شێوە لە ژوورەوە نیشانەی هەیە، هەستی پێ دەکات و پێوەری هەیەو ئیمان دەپێورێت، مرۆڤ خۆی هەست بە ئیمانی خۆی دەکات، دەزانێت ئیمانی لە چ ئاستێکە، ئەگەر هاتوو ئەو ئیمانە پێویستی بە پێداچونەوە بوو، دیسان خۆی هەستی پێ دەکات، پێویستە خۆی ببێتە دکتۆری خۆی، ئەگەر هاتوو ئەنفلەوەنزاو تای ماڵطە نیشانەو دکتۆری هەبێ کە نەخۆشی جەستەیی مرۆڤە تا بچێتە دکتۆر، بەڕاستی لۆ ئەو مرۆڤەش دەبێ نیشانە هەبێ و هەست بەبوونی ئەو ئیمانە یاخود هەست بە کەموکوڕی ئیمان و نەخۆشی ئیمان بکا، کە لە قورئان دا پەروەردگار ناویانی بردووە بە (الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ)(محمد٢٩) نیشانەیان هەبووە، دەبێ مرۆڤی ئەمڕۆش هەستی پێ بکات و لەهەمان کاتیشدا بە بەردەوامی لە بنیاتنانەوەی ئەو ئیمانە دابووبێت تاکو دەگاتە ئاستێك.. پلەیەك، خۆی هەست بەوە

دەکات لەسەر گۆی زەوی خودای ڕەحمان لێی ڕازییە، ویستی خودای ڕەحمان سەدا سەد لەم مرۆڤە دێتەجێ، دەبێتە ئامێرێکی نەوعی و قورئان بەتەواوی چی بوویێت ئەو مرۆڤە بەم جۆرە پاڵ دەنێت، قورئان دەبێتە ڕێنموون و باڵادەست لەسەر جوڵەو سروەتەکانی ئەو کەسە، بەرلەوەی بمرێت هەست بە ڕازیبوونی خودای ڕەحمان دەکات.

هەڵبەت، هیچ یەك لەمانە بە خۆڕایی نییە، بەڵکو سیستەمی تایبەتی خۆی هەیەو تەنانەت قورئان ئاماژە لۆ نووری ئەو کەسە دەکات کە بە قۆناغەکانی ئیمان دا دەچێت، واتە" ئەو کەسە کە ئێمە ناومان ناوە مرۆڤ، مرۆڤ ئەو جۆرایەتییەیە کە ئێستا بوونی هەیە، ئەو مرۆڤە کە دێت ئیمان قبوڵ دەکات و بە قۆناغەکانی ئیمانیش دا دەڕوات ناوەکەشی دەگۆڕێت، لۆیە لە قورئانی پیرۆزدا پلەکانی دیکەی مرۆڤ جۆرییە (نوعیە) کە ئێمە ناومان ناوی (إنسان)، واتە "لە قورئاندا نزمترینیان ناوی (الإنسان)ە، کەمترین سیفاتی ئیمانیی ئەگەر هەبووبێ لە کەسێك ناوی ئینسانە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئیمانیاتی وەرگرت و دڵی ئیمانی هەڵێنجا، ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە بەشێك لە (ناس)، کە لە (٢٠٠) جێگە زیاتر لە قورئان دا ناویان هاتووەو ئەوانە سیفاتی تایبەتی خۆیان هەیە، زیاتر ئیمان هەڵێنجێت دەبێتە (بني آدم)، زیاتر ئیمان وەردەگرێت و دەبێتە (بشر)، زیاتر ئیمانی وەردەگرێت ئینجا دەبێتە (مسلم)، دێتە ناو بازنەی ئیمان ئینجا دەبێتە (مؤمن)، لە نێوان بەرزترین ئاستی ئیمان و نزمترین ئاستیدا زیاتر لە (٦٠) پلە هەیە، ئەوپەڕیان ئەو ئاستەیە کە پیغەمبەر (علیه السلام و البرکات) دوو لقی لۆ داناوە:

**یەکەم:** کە ئەو مرۆڤە خواپەرستی دەکات خوای دەبینێت، هەروەك ئەوەی خودای ڕەحمان ئەو دەبینێت، ئەوە ئەوپەڕێتی کە خوا پەرستی دەکات، (ئەو حاڵەتە دروست دەبێت).

**دووەم:** ئاستی ژێر ئەوەیە، ئەگەر ئەویش خوای نەبینێت هەڵبەتە دەگاتە ئەو دۆخەی لە ناخی خۆیدا خوا ئەو دەبینێت، بێگومان ئەمانە هەمووی نیشانەی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە" ئیمان کۆمەڵە قسەیەك نییە، کۆمەڵە زاراوەیەکی فیقهی ئیمانی نییە تۆمار بکرێت، تا مرۆڤەکە لە خۆی بیهێنێتە دی بەبێ ئەوەی بە تاقیکردنەوەی جۆریی (نوعی) دابڕوات، یان بەبێ ئەوەی ئەو دۆخە لە ناخی دروست بوویێت، ئەگەر ئەو حاڵەتە دروست بوو، ئەو جۆرە دیاریکراوە لەسەرگۆی زەوی دروست بوو، ئەو کاتی بە کردەیی ویستی خوای لەگەڵ دەستەی (الذین آمنوا) دێتەجێ، ئینجا هەرچی بەڵێنەکانی خودای ڕەحمان هەیە بەستراوەتەوە بەو حاڵەتەو جۆرایەتییە.

## بنەماکانی بنیاتنانەوەی ئیمان و بەڵێنەکانی پەروەردگار

تاکو ئەو جۆرایەتیانە لەسەر گۆی زەوی دروست نەبێت، ئەوا هەرچی بەڵێنەکانی خودایە لە ئاسماندا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، یەکێك لەم بەڵێنانەی خودای ڕەحمان کە ئیمانداران بەندەکانی خوای کە دەستەی چاکەخوازانن (صالحین) ئەوان باڵادەست و زاڵ بن لەسەر هەموو گۆی زەوی و ئامادەکارییەکان لۆ ئەو حاڵەتە هەمووی بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، لۆ؟ چونکە ئەو نەوعیەتانەی کە ئەو بەڵێنانەیان پێ بەجێ دەگەیەنرێت لەسەر گۆی زەوی بوونی نییە، کە ئەو نموونانە نەبوون، کەموکوڕییەك دروست دەبێت لە نێوان جۆری ویستی خودای ڕەحمان کە بەجێ بگەیەنرێت لەسەر

بوون و لە نێوان جۆری خودی ئەو کەسانەی کە شیاون بۆ هەڵگرتنی ویستی خوا لۆ مرۆڤایەتی، لۆیە بە بۆچوونی من بابەتەکە هەندێك وردەو رەهەندی ئاکادیمی و زانستی وەرگرتووە، وشکە، هۆیەکەشی ئەوەیە راستەوخۆ مێشك دەدوێنین، کێشەکە فیطرە نییە، بەڵام هەر کاتێك هاتینە بواری فیطرە لەگەڵ ناخی مرۆڤ، ئەو کاتی بە کردەیی وشەکان نەك لە دەرەوە لە زارەوە بچێتە مێشك پاشان لۆ دڵ، بەڵکو راستەوخۆ لۆ دڵ دەگوازرێتەوە، کەواتە" حاڵەتی بنیاتنانەوەی ئیمان پێویستی بە کۆمەڵێك بنەما هەیە.

## پێنج بنەما لۆ بنیاتنانەوەی ئیمان

**بنەمای یەکەم:** پێویستە مرۆڤەکە لە بنەڕەتدا خۆی بناسێت، چونکە لە خودی مرۆڤ دا کۆمەڵە سیفاتێکی نەرێنی هەیە کە لە قورئاندا ئاماژەی پێدراوە، ئەو خۆی بزانێت لە چ ئاستێکە، کۆمەڵە سیفاتێکی نەرێنی هەیە ئاماژەی پێدراوە، ئەوە لە خودی کەسەکەدا هەیە و سیفاتی ئینسانییەتە و تێیدا دەرکەوتووە، کاتێك بەم جۆرە مرۆڤەکە خۆی ناسی، بەو سیفاتانەی کە لە قورئان دا لەلایەن خوداڕەحمان زیاتر لە (٦٠) جێگەدا ناوی براوەو باسی ئەو سیفاتە نەرێنییانە دەکات، کە مرۆڤەکە ئەو سیفەتانەی نیشان کردو لە بەرامبەریدا هەڵوەستەی کرد، ئەو هەموو نیشانەیەی کردە تەرازوو و پێوەرێك، خۆی بە گوێرەی ئەو تەرازوو و پێوەرانەوە پێوانە کرد، ئەو کاتی دەزانی خۆی چییەو بە راستەقینەیی خۆی دەناسێت، خۆی خۆی لۆ ئاشکرا دەبێت، ئەو بوونەوەرە کە ناوی فلانی کوڕی فلانە کێیە؟ بە گوێرەی قورئان چ کەسێکە؟ بە بۆچوونم ئەگەر هاتوو ناوەوەی خۆی دۆزییەوە بەبێ خەوش و بەبێ گەردی و بێ پەردە لەگەڵ پێوانەکارییەکانی قورئاندا، ئەو کاتە هەست دەکا کە خۆی چ ئاستێکی هەیە، دەبینێت کە لە چ ئاستێکی نزمە، بەو مەرجەی خۆی فێڵ لەخۆی نەکات.

## دابەزینی ئاستی ئینسان

کە خۆی ناسی بەم شەست و قسور سیفاتەی کە لۆ ئینسان هاتووەو لە قورئان لێنکراوە، ئایا چەندی لەم سیفاتانە تێیدا هەیە؟ لەوانەیە ژمارەیەکی کەمی تێدا هەبێ، کەواتە" سیفاتی ئینسانی بوونی ئەو کەسە ئەوەندەیە، لەوانەشە ژمارەیەکی زۆری تێدا هەبێ، جا ئەگەر لەم شەست و قسورە زیاتر بێت، لە ئاستی مرۆڤایەتی دێتە خوارترەوە لۆ ئاستی ئاژەڵ کە خودای ڕەحمان بە (أنعام) ناوی بردووە.

## ئەرکمان لۆ ناسینی خودای ڕەحمان چییە؟

**خاڵی یەکەم:** ئەوەیە مرۆڤەکە خۆی بناسێت.

**خاڵی دووەم:** پەیوەندی لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانە بە سیفەتی خەلق، کە ئەوەش ئیشکردنی دەوێت.

**سێهەم:** ئایا لە نێوان خۆیی و خەلق دا چ پەیوەندییەك هەیە؟ کێ لەسەر ئەو پەیوەندییە باڵا دەستە (مهیمن)، کە خودی خودای ڕەحمانە' ئینجا خودای ڕەحمان دەناسێت بە ناوو کردار(أسماء و

أفعال)ی زۆر کەم و سنووردار، ئەو دۆخە واتە" ناسینی خودای ڕەحمان بە گوێرەی ئەو ناوو کردارە پیرۆزانەی لە خودی کەسەکە ڕەنگ دەداتەوە، ئیشی لەسەر دەکات، دوور لە وێکچوواندن وەك قوتابی قۆناغی سەرەتایی هەتا نەگاتە ئاستێکی دیاریکراو لە تەمەن کە وەزارەتی پەروەردە بە شەش ساڵیی داناوە، کە پیتی بینی بتوانێت وێنەی لە مێشکی خۆی بۆ بکێشێت، لۆیە پێنج ساڵی لە قوتابخانە وەرناگرن، ئەوکەسە شەش ساڵییە دەزانێ تواناکانی چەندە، ئەگەر بەخۆشی نەزانێت ئەوا دەورووبەر دەزانێت توانای ئەو منداڵەی چەندە، کە توانای ئەوەی هەبوو پیتەکان لێك جیا بکاتەوە و وێنەی پیت لە مێشکی چاپ بکات، پاشان ئەو پیتانە پێکەوە بلکێنێت و وشەیان لێ دروست بکات، ئەو کاتی ئەو منداڵە لە پۆلی یەکەم بە سەرکەوتوویی دەردەچێت، لۆیە هەر لەسەرەتا ئەوانەی کە لێرە لەو دەستە موبارەکە کە مامۆستانە خۆیان ئاگادارن کە منداڵ فێرە پیتەکان دەکەن، شێوازەکانی لۆ دێنن، بە نموونە پیتی نون لە شێوەی فلانە شتە، مەنجەڵێکە کوببەیەکی تێدایە، یا لە شێوەی دەمی مراوییە، قازە... تد، لۆ ئەوەی وێنە دەرەکییەکە لە مێشکی منداڵەکەی ئەو فۆنەتیکەی ئەو دەنگەش کە مامۆستا دەری دەکات ئەو حاڵەتە لەگەڵ ئەو وێنەیەی دەقاودەق لە مێشکی منداڵ وێکچوونێك دروست دەکات.

ئەگەر منداڵ تەمەنی لە چوار ساڵی بێت ئەو حاڵەتەی لۆ ئەنجام نادرێت، بەڵام لە شەش ساڵی دەتوانێت ئەنجامی بدات، کە توانی فام بکات و پیتی (دال و ئەلیف) و (راء و ئەلیف) بەیەکەوە گرێ بدات، دارای لێ دروست بکات، ئەو کاتی ئەو منداڵە بە کردەیی توانیویەتی لەو ئاستە زانستییە تواناسازی بە دەست بێنێت، هەنگاو بنێت لۆ ئاستێکی بەرزتر، کە پۆلی دووەمی سەرەتاییە، لە پۆلی دووەمی سەرەتایش بتوانێت ڕستە دروست بکات، لەسێیەمی سەرەتاییش هۆنراوە لەبەر بکات، لە چوار بتوانێت چەندین رستە دروست بکات، لە پێنج دارِشتن بنووسێت، لە پۆلی شەشەمدا تاقیکردنەوەی کەلۆریای ئەنجام بدات، ئیمانیش (ولله المثل الاعلى) هەمان دۆخە، ئەوە بەرنامەی یان (سنة)ی خودایە لە بووندا، ڕێبازی خودایە لە شێوازی فێرکردن و تێگەیشتندا، منداڵی سەرەتایی بەو جۆرە وەریدەگرێت، لەهەموو گۆی زەوی بەو جۆرەی منداڵ فێر دەبێ، ئەوە یاسای زانستییە، بێجگە لەم ڕێگەیە لەوانەیە منداڵ فێر ببێت، بەڵام نەخۆشە و سەرکەوتوو نابێت، لۆ ئیمانیش یەکەمجار دەبێ کەسەکە بگاتە ئەو ئاستەی کە بە کردەیی لۆ خودی خودای ڕەحمان ئامادەباشی خۆی جاڕ بدات، یارەبی من ئامادەم ئیمان وەربگرم، وەکو ئەو صالیحانە دەفەرموون ئیمان ماست نییە تا بەشانی مرۆڤەکە شۆر ببێتەوە، بەڵکو حاڵەتە دەبێ لە ناخی مرۆڤ دروست بکرێت، دەبێ مرۆڤەکە خۆی بناسێت لە چ ئاستێکە ئینجا ئیش بکات، تاکو حالەتی نەرێنی لە ناوەوەی خۆی کە هەیە هێدی هێدی وازیان لێ بێنێت، ئەوە ئیشکردنی دەوێت، کۆششی دەوێت، ئینجا حاڵەتە ئەرێنییەکە دروست دەبێت، کە ئەو حاڵەتەش دروست بوو ئەوا پایە بە پایە بڵند دەبێ و گەشە دەکات، هەنگاو بە هەنگاو ئیمان لە ناخی دەیەوێت دروست ببێ.

## زەمینەی جوگرافی ئیمان لە دڵە

**بنەمای سێهەم:** زەمینە لۆ ئەو هەموو گۆڕانکارییانە لە ناوەوەی مرۆڤ، دڵە، دڵی مرۆڤ کە لەناو سینەیە، ئەوە شوێنی جوگرافیە لۆ دروستکردنی ئیمان، پایتەختی ئیمان نێو سینەیە، مێشك (ذهن)ە کە شت لە دەرەوە وەردەگرێت، ئینجا لە مێشك چاپ دەبێ، پاش مومارەسەکردنی لۆ ناو ناخی دەگوازرێتەوە، ئەو شوێنە هەر لۆ نزیککرنەوە لۆ مێشك، بە نموونە" بێننە بەرچاو کە ناوەوەی مرۆڤ وەکو کۆمپیوتەرێکی بچووك وایە، جا هەرچی ویستی خودایە' لە بنەڕەتدا هەرچی ویست هەیە لە ئاستی پێغەمبەران (أنبیاء) خودای ڕەحمان لە ناوەوەی ئەو مرۆڤەی دایناوە، واتە" خودای ڕەحمان هەرچی دەوێت لەو مرۆڤەی بە مانای وشەی بیکە (إفعل) لۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە خودای ڕەحمان لێ رازی بێت، یاخود بە مانای وشەی مەیکە (لا تفعل) قەدەغەکراو (منهی) لە ناوەوەی مرۆڤەکە لەبنەڕەتدا بوونی هەیە، لە بنچینەدا ناوەوەی مرۆڤەکە هەموو ئەوانەی تێدایە، ئەگەر منداڵە تەمەن شەش ساڵییەکە مێشکی لەئاستی وەرگرتن و گرتنەخۆی پیتەکان لە میشکی وێنەی پیتەکە لەگەڵ دەنگی پیتەکە ئەو ئامادەییەی تێدا نەبوایە ئەو کاتە نەیدەتوانی دروست بکا و ئەو دەمەش وشەی لێ پێك بێنێت، یاخود (١ + ١=٢) ئەوە لە مێشکی بتوانێت قبوڵ بکات، ئەوە لۆ مێشکی منداڵەکە، مێشك (ذهن)، ئیمانیش هەمان حاڵەتە، بەڵام لۆ ئیمان جێگەیەکی تر هەیە خودای ڕەحمان دایناوە ئەویش دڵ (قلب)ی مرۆڤە کە لەناو سینگ دایە، پایتەختی ئیمان لە نێو سینەیە، لەهەمان کاتیشدا خودای ڕەحمان بە چەمکی ئیمانیی هەرچی فەرمایشتەکان هەیە لە ناوەوەی ئەو مرۆڤە هەر لەبنەڕەتدا خەلقی کردووەو لە ناو فیطرەی داناوە، لۆیە لە ژینگەی پاکدا کاتێك کە مرۆڤ دەیەوێت بێتە ناو ئیمان لەگەڵ ژینگە پێویستی بە ململانێیەکی زۆر نییە، پێویستی بە پێشبڕکێ نییە لەگەڵ ژینگە، لە دژی تەوژم و پێچەوانەی ئاو مەلەوانی ناکات، مرۆڤ لەناو ژینگەی چاك فێطرەتی ئەوهایە بە کردەیی زوو چەمکەکانی ئیمانیی وەردەگرێت، بەڵام لۆ گوناە پێچەوانەی ئەوەیە، لۆ گوناە دەبێ دوو جۆرە توانا و وزە خەرج بکات.

کەسی ئیماندار یا ئەوەی کە دەیەوێت بێتە نێو ئیمان، واتە وزەو توانایەك پێچەوانەی فیطرەی خۆی کە مەخلوقە تێیدا، وزەو توانایەك پێچەوانەی ویستی خوای' لۆیە زۆرێی مرۆڤ پایتەختە لۆ یەکەکەی بابەتگەلی ئەو ئیمانە تێیدا مەخلوقە کە خۆی دەفەرموویت: (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا)(الروم٣٠). تێبینی ئەوە بکەن (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا)(الروم٣٠). وشەی فیطرە لە قورئاندا بە دوو مانا هاتووە (إنشطار و إنشقاق) یاخود نەخشە دانان، إنشطار لۆ گەردوون لۆ بوون (فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ)(الأنعام٧٩)، یاخود نەخشەدانان لە ناخی مرۆڤ ئەوەیە کە ناومان نا بە کۆمپیوتەر، ئەوەیە کە الله چەمکە ئیمانییەکانی لە ناوەوەی مرۆڤی خەلق کردووە، (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ)(الروم٣٠)، کەواتە" بابەتەکە خەلقە، لە بنەڕەتدا فێطرە لە ناوەوەی مرۆڤەکە مەخلوقە، ئایا ئەو فیطرەیە لۆچییە؟ (ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ) (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)(الروم٣٠). (الدِّينُ الْقَيِّمُ) وشەی ئایین (دین) لە قورئان هەمووی بە کارنامەو پەیڕەو(منهج) هاتووە، ئەگەر بە نەناسراو (نکرة) هاتبێ، لۆ ئیسلام هاتووە ئەگەر بە ناسراو (تعریف) هاتبێ، ئایین واتە پەیڕەو، کەواتە" ئەو پێڕەوە هەر لە بنەڕەتدا لە ناوەوەی مرۆڤ کە

ئایینەك نەك هەڕەمەكی، بەڵكو (الْقَيِّمُ) مقوم-ە واتە" هەمووی بەرنامەڕێژی لۆكرایە، لۆیە زۆرجار لە پەرتووكە كۆنەكان خوێندوومانە (وجود الله، حقيقة التوحيد) ئەو وشەو بیرۆكانە كاتی خۆی بۆیان باسكردووین، فلانە زانای ئیلحادیی تۆلستۆی دانیشتبوو لە جیهانی خۆی بێ باوەڕبووە و پەیوەندی بەخوای نەبوو، تەمەنی ئەوەندە ساڵەو بە ڕیشی سپی لەسەر كورسی دانیشتبوو، زۆرجار مرۆڤ كە دادەنیشێت و بیری ساف بێت یان لە كات و ساتی خوێندنەوە لەسەر كورسی دادەنیشێت دوو پایەی پێشەوەی كورسیەكەی بەرز دەكاتەوە و تەنیا لەسەر دوو پێچكەكانی دواوەی رادەگرێت، كورسییەكە وەك جۆلانەی لێدێت، یان وەكو لانكی لێ دەكات، واتە لەسەر دوو پایەی دواوەی دەمێنێتەوە.

تۆڵستۆی یاری بە كورسییەكەی دەكات و دانیشتووە پەرتوكێك دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە، یەكسەر بە پشتیدا دەكەوێتە خوارەوە، لەگەڵ كەوتنەكەی ئەو وشەیە بەسەر زاری دا دێت كە (٨٠) ساڵە دژایەتی دەكات، وشەی خودای ڕەحمان بە درێژایی تەمەنی دژایەتی ئەو وشەی كردووە و دەیویست پێچەوانەی ئەو وشەیەی لە ناوەوەی خۆی بێنێتە بوون، ئینجا هەر ئەم وشەیەی بەسەر زمانی دادێت، بەڵام كابرایەكی ئاقڵە و زیرەكە كە هەڵدەستێتەوە بەخۆی پێدەكەنێت، ڕوودەكاتە خێزانەكەی و دەڵێ وشەیەكم بەسەر زماندا هاتووە كە پێشبینی هەرچییەكم بكردایا پێشبینی ئەوەم نەدەكرد، پێشبینی ئەو وشەیەم نەدەكرد، باشە لۆ؟ ئەگەر بێتوو تۆڵستۆی بە ملیۆنەهای وەكو ئەو بەربەرەكانێی فیطرەی خۆی بكا، ئەوا خودای ڕەحمان لەسەری جێگیر دەكات بەجێگەیاندنی بەڵگەی (إقامة حجة)ی لەسەر دەكا، ئەوە ویستی خودای ڕەحمان یە، لۆیە تەنانەت وشەی كوفر لە قورئان بە داپۆشین هاتووە، ئەمە مانای چییە؟ واتە" لە بنەڕەتدا كۆمپیوتەری یەكتاپەرستی لە ناوەوەی مرۆڤدا هەیە، بە دەستی ئەنقەست لەبەر نكۆڵی پێشوەختە ئەو مرۆڤە دێ و كوفر دەكا، واتە" شتەكە لە ناوەوەی هەیە(بەبێ وێكچواندن) خۆی بوونی هەیە بەڵام دێت بەتانی بەسەر خۆی دادەدات لۆوەی بە جیهان بڵێت، بە بەرامبەرەكەی بڵێت من بوونم نییە. لە بنەڕەتدا فیطرەتەكە لە ناوەوەی هەیە، ئەویش دێت تۆزو خۆڵ لەسەر فیطرەی خۆی دادەنێت و جاڕ دەدات كافرە، ئەوە چەمكی كوفرە لە قورئان.

كەواتە" لە بنەڕەتدا زەمینەی جوگرافی و شوێن لە ناو ناخی مرۆڤ هەیە تا بتوانێت ئیمانی تێدا دروست بكات و ئیمانیش بەوە دروست دەبێت.

## ئایا هەموو مرۆڤێك دەتوانێ ئیمان وەربگرێت؟

**بنەمای چوارەم:** لەگەڵ ئەو ئیمان دروستكرنە دەبێ ئامرازیش هەبێ، ئەویش بە خودی مرۆڤەكەوە پەیوەست بێ، نەك پیوەستكرابێ بە دەرەوەی، واتە" ئەگەر هاتوو كابرایەك بە حوكمی هەتاهەتایی بەندكرابێ و بیست و پێنج ساڵ لەیەك مەتری چوارگۆشە دانیشێت، ئەوا ئەوكەسە ئەگەر فێرعەونیش بێ بتوانێت لەو یەك مەترە چوارگۆشەیەو جێگە كەمەدا ئیمانێك لە ناوەوەی خۆی دروست بكات لە ئاستی (صديقين و شهداء و صالحين) ئەو توانایەی هەبێت، هەموو مرۆڤێك بەو حاڵەتەی مەخلوقە، تەنانەت كوفریش، كافرەكان هەمووی ناوەوەیان بەو حاڵەتەی مەخلوقە،

هەروەها ئەو ئامرازانەشیان هەیە ئەگەر بیانەوێت لە ئاستی ئەوپەڕی ڕادەی کوفر بگەنە ئەوپەڕی ڕادەی ئیمان، واتە" ئامرازەکانی لەلا هەبێت و بتوانێت ئەو ئامرازانەش بەکاربێنێت، ئامرازەکانیش بەدەرەوەی گرێ نەدرابێت، تەنانەت بە دەرەوەی جەستەی خۆشی پەیوەست نەکرابێ، لەبەر ئەوەیە ئیمان پەیوەست نییە بە دەست، لۆ؟ خودای ڕەحمان زانیویەتی لەوانەیە رۆژێك بێت و زۆردار دروست بین لۆ بڕینەوەی ئیمانی ئەو کەسە ئیماندارە، ئەگەر ئیمانەکە لەناو پەنجەو دەستی بێت ئەوا دەستەکەی ببڕن و کابرا بێ ئیمان بمێنێت، بەڵکو ئیمانەکە لە ناوەوەیە و ئەگەر ویستی ئیمانەکەی دەربێنێت دەبێ پێشتر ئەو مرۆڤە بکوژێت، ئینجا ئەگەر بگاتە ئەو ئیمانەی، (بۆ زانین ئەو کاتیش هەر پێی ناگات)، کەواتە" ئامرازی دروستکردنی ئیمان لە دەرەوەی مرۆڤ نییە، بەڵکو لە ناوەوەی مرۆڤە و بە خودی مرۆڤەکەوە پەیوەستە، خودای ڕەحمان لە قورئاندا باسی ئەو ئامرازانەی کردووە کە دوو شتی زۆر گرنگی پێشدەستی کردووە، (سمع و بصر)، ئەو دوو ئامرازە بەهێزترین ئامرازن لۆ بنیاتنانی ئیمان لە ناوەوەی مرۆڤ، لۆیە لە هەموو قورئانیش هەتا کە باسیشیان دەکا بەو لەدوایەکهاتنەیە (إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ)(الإسراء٣٦). پاشان دەفەرموویێت: (وَالْفُؤَادَ)، (سمع و بصر و فُؤَاد)، ئەو سێیە پەیوەستن بە یەکەوە، هەر لە بنەڕەتدا لە ناخی مرۆڤ فیطرەکە هەیە کە پێشتر باسمان کرد، بە هۆی (سمع و بصر) نەك (أذن و عین) گوێ و چاو، کە جیاوازن و لە دواتردا باسیان لێوە دەکەین، بە هۆی (سمع و بصر) ئەو فێطرەیە دەست دەکات بە ئیشکردن و کە ئیشی کرد ئامێری فوئاد دەبێتە فیطرەت، لە قورئاندا فوئاد ئاڵوگۆڕ دەبێ لۆ فیطرە، هەروەکو منداڵەکە لە پۆلی یەکەم دەچێتە پۆلی دوو کە دێتە پۆلی دووەم شیانداریی (المؤهلات) پۆلی یەکەمی لە لایە، فایلەکانی پۆلی یەکەمی لە لایە، بەو جۆرە فوئادی دەگۆڕیت لۆ فیطرە، هەر بەهۆی (سمع و بصر) ئەو مرۆڤە ئەو فوئادەی پەرە پێدەدات لۆ قۆناغی تر هەتا دەگاتە ئاستی (عقل)، چونکە عەقل لەنێو سەر دا نییە، بەڵکو لە نێو سینەیە، عەقلی ماددی لەنێو سەردایە، کۆ و کەم و ئەندازەو فیزیا و کیمیا لە نێو سەرە، عەقلی گشتی هەموان لەنێو سینەدایە، زانستی هەموان لە نێو سینەدایە، پەیوەستە بەو فیطرەیە، ئەو (سمع و بصر)ە بە هۆی کۆمپیوتەر کە لە ناوەوەی هەیە دەست بە ئیشکردن دەکات.

## بەرنامەی دروستبوونی ئیمان قورئانە

**بنەمای پێنجەم:** دەبێ شتێك لە دەرەوەی مرۆڤ هەبێ و لەرێگەی (سمع و بصر) وەك یەك (مطابق) بێت لەگەڵ کۆمپیوتەری ناوەوەی، کە فیطرەکەیە، واتە" دەبێ شتێك لە دەرەوە هەبێت بە هۆی (سمع و بصر) بگوازرێتەوە لۆ کۆمپیوتەری ناوەوەی کە ئەویش فیطرەکەیە، هەروەك دیسکەکەیە لۆ کۆمپیوتەرەکەی، دیسکەکە کامەیە؟ قورئانەکەیە، قورئان ئەو ئامێرەیە لە دەرەوەی مرۆڤە، هەر لەبنەڕەتدا ماناکانی لە ناوەوەی مرۆڤەکە هەیە وەکو ئامێری تۆمارکردن(مسجل)(بەبێ ویکچوواندن) کە دێیت کاسێتەکەی لەناو دادەنێیت و دەست بە ئیشکردن دەکات، قورئانیش لۆ ناوەوەی مرۆڤەکەی بەهەمان شێوەیە، دیسکەکە لەناو ئامێرەکەی دادەنرێت و یەکسەر ئامێری کۆمپیوتەرەکە دەست بە ئیشی خۆی دەکات، بەو جۆرەی کە خودای ڕەحمان دەیەوێت بەو چۆنایەتییەی کە خودای ڕەحمان دەیەوێت و تەنیا ئەو جۆرە قبوڵ دەکات، ئەوەی دیکە دەمێنێتەوە قورئان دا قبوڵی نییە، بەو

ڕێگەیەش خودای ڕەحمان کردەوەکان قەبوڵ دەکات، واتە" ئامێرەکە کە کۆمپیوتەرەکەیە هەبێ و (سمع و بصر) ئیش بکات و بتوانێت چەمکەکانی ناو دیسکەکە لۆ ناوەوەی کۆمپیوتەر بگوازێتەوە، ئەو کاتی دەست و چاوو جولەو هەموو چالاکییەکان دروست دەبن و هەمووی زیندوو دەبنەوە.

## چۆن هەست بە بینینی خودای ڕەحمان دەکەی؟

کاتێك ئەو کۆمپیوتەرە دەستی بە ئیش کرد، قورئانەکە بوونی خۆی لەناو ناخی مرۆڤەکە دیتەوە، ئەو کاتی ئیمان دروست دەبێ، هێدی هێدی ئەو ئیمانە لۆ بەرزبوون دەچێت، ئەو حاڵەتەی کە ئەو ئیمانە بەرز دەکات لە قورئان بە ناوی (تقوی) هاتووە، بەرزکەرەوەکە (مصعد) ئامێرێکە مرۆڤ کە بە هۆیەوە دەچێتە ناو کۆشك و تەلارەکان، وشەی تەقوا لە قورئاندا ئەو بەرزکەرەوەیە، ئەو مرۆڤە لە بۆ ئەو ناوچە بەرزانە بەرز دەکاتەوە، تەقوای کەم دەیهێنێتە خوارەوە، تەقوا بەرزەکە مرۆڤەکە بەرز دەکاتەوە لۆ ئەو ئاستە ئیمانییەی کە مرۆڤەکە خۆی دەیەوێ بیگاتێ، خودای ڕەحمان ش نەخشەی لۆ داناوە، هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە کردەیی کاتێك پەرستش ئەنجام دەدات هەروەك ئەوە وایە خودای ڕەحمان ببینێت، کە لەگەڵ خودای ڕەحمان لەناو نوێژ ڕاوەستاوە کە دەفەرموێ: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)(الفاتحة٥) هەست بە بوونی دەکا و خودای ڕەحمان هەیەو هەست بە هەییەتی خوای و بە سمیعی و بەصیری خوای دەکات کە خودای ڕەحمان بە کردەیی رەقیبە لەسەری، کە خودای ڕەحمان بە کردەیی موهەیمینە لەسەری، ئەمە هەستەو بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەستی پێ دەکات، کە لەسەر شەقامە هەست بە بوونی خودای ڕەحمانی دەکات، مەسەلەکە تەنیا مەعاریف نییە لە مێشکی، بەڵکو حاڵەتەو تێیدا دەژیێت، ڕاستەقینەیەو بەرکەوتن(لمس)ی هەیە، لەناوییەتی، بێگومان ئەوانە هەمووی نیشانەی هەیە، ئینجا هێدی هێدی ئەو ئیمانە بەو جۆرەی هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی ئەگەر ئەوها نەگاتە ئەو ئاستەشخودای ڕەحمان بە نسیبی هەموومانی بکات)، ئەوا دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە کردەیی هەموو کات هەست دەکات، کە خودای ڕەحمان دەیبینێ، هیچ کاتێك خودای ڕەحمان لێی دانابڕێت، هەموو کاتێك خودای ڕەحمان هەیەو خودای ڕەحمان سەمیعەو بەصیرە، کەریمە، لەطیفە، ڕەقیبە، موهەیمینە، عەظیمە، قەریبە لێی. هەموو کاتێك ئەو هەستە هەیەو ئەو کاتی لەو ئاستە مامەڵە لەگەڵ خودای ڕەحمانی مامەڵە دەکات، کەواتە" ئەبو بەکرێکی بچووکراوەی لێ دروست دەبێ، بچووککراوەیەکی صوهەیبی لێ دروست دەبێ، جا با ناوی کاك فلان و فلان بێ، بەڵام هەمان حاڵەت دروست دەبێ، ئەو کاتی ناتوانین بیهێنینە بەرچاومان کەوا درۆ لەسەر دەستی ئەو مرۆڤە ئەنجام بدرێت، نەکات دڵی گومانێکی خراپ رق وکینەیەك بوغزاندنێك، غەیبەتێك بەسەر زمانی دابێت، ئیرەیی بردنێك، دەستی ستەمێك، غەدرێك، فێڵێك، ناپاکییەك، ئەوە لەگەڵ کوفر، چجای لەگەڵ دەستەی ئیمانداران.

ئەو نموونانە دێنە دونیای بوون، ئەو کاتی خودای ڕەحمان وەکو فریشتیەك ئیشیان پێ دەکات، بۆ نموونە" لە قورئان فەرموویەتی: (وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ)(الأنبياء١٠٥)، زەبوور کۆنە (مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ)(الأنبياء١٠٥)، ئەوە لە کۆنەوە، خودای ڕەحمان

دەفەرمویَ: (إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ)(الأنبياء١٠٦)، قۆناغی سێیەم: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)(الأنبياء١٠٧). واتە" ئەگەر هاتوو بە كردەیی ئەو نموونانە دروست بوون ئەوا گۆی زەوی دەكەوێتە ژێر دەستی بەندەكانی، یائی موخاطەبە هی خودای ڕەحمان سیفەتیان (الصالحین)ەو ئەوە هەر لە كۆنەوە ڕاگەیانراوە نووسراوەتەوە، چۆن لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران ڕادیۆمان لابوو بەلاغی سەربازی گرنگ ڕادەگەیەنرا گوێی بۆ شل دەكرا، لێرەش نەك بەلاغی ڕژێمێكی دیاریكراو، بەڵكو هی خودای ڕەحمانە دەستەی مرۆڤ، بەشەرییەت، (إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ)(الأنبياء١٠٦)، ئەو سیفەتانە ئەوە لۆ وان بەلاغە نەك لۆ ناس نەك لۆ ئینسان بەچ هۆیەك ئەوە لە ڕێی رسول الله(عليه السلام و البركات) (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)(الأنبياء١٠٧)، هەم خودی خۆی هەم پەیامەكەشی ڕەحمەتە لۆ هەموو بەشەرییەت لۆ هەموو بوون، لۆ هەموو بێ گیانان، هەموو ڕووەك، هەموو ئاژەڵان، تەنانەت پەیامەكە ڕەحمەتە لۆ دیواریش، لۆیە نوێنەری ئەو كەسەی (الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّهَ)(الأحزاب٣٩) ئەو نموونانە بە ویستی خودای ڕەحمان ئێوەن (الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ)، لە ئاستی (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)، (أَرْسَلْنَاكَ)، ئەوانە بچوككراوەن (يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ) پەیامەكانی خودای ڕەحمان دەگەیەنن، ئەمەش ئاستێكی ئیمانییە، پێڕاگەیاندن (تبليغ) ئەوە نییە كۆمەڵە پەرتوكێكی وەك: (كيف ندعوا الى الاسلام)، یاخود (ماذا يعني إنتمائي الى الاسلام) لەبەر بكات، تەبلیغ حاڵەتەكە لە ناوەوەی مرۆڤ لۆ دەرەوەی ئاڕاستە دەكرێتەوە، جولانەوەكانی و چالاكی، سەیركردنی، هەڵوێستی، زەردەخنەی، هەمووی تەبلیغە دەبتە بەڵگەی خودای ڕەحمان لەسەر بوون، لەسەر بەشەرییەت، ئەمە سەرەڕای زمانی.

## خۆشترین هەست لە حزوری خودای ڕەحمان دا

ئەگەر هاتوو دۆخەكە ئاشكرا كرا، مرۆڤەكە كۆمپیوتەرەكەی ئاشكراكرد، ئامرازەكانیشی پێزانی، زانی كو ئیشیان پێ بكا، دیسكەكەشی بەدەستهێنا، كە قورئانەكە بوو، هەمووی خستە سەر ئامێرەكەو ئامادەیی بەكارخستنی لۆ خودای ڕەحمان نیشاندا، بڕواتان هەبێ خودای ڕەحمان خۆی وەكو داوێك دەستی دەگرێت، ئەوەیە كە دەفەرموویێت: (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا)(العنكبوت٦٩) لۆ ئەو كەسانەیە هەموو قورئان وشەی (سبل) بە كوفر هاتووە، تەنیا لێرە بە كۆ هاتووە، چونكە پەیوەستە بەخۆی.

پەیوەستی خۆی كردووە. وشەی سبل لە قورئان كە كۆی (سبیل)ە بە كوفر هاتووە (وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ)(الأنعام١٥٣). لە هەموو قورئان تەنیا لەم جێگەیەی كە ئەو مرۆڤە بەم جۆرە هەوڵ دەدات و بەو جۆرەی تێكۆشان دەكات بگاتە ئەو ئاستەی كە خودای ڕەحمان بیگری و بە كردەیی خودای ڕەحمان لەمسی كرد و گرتی دەكەوێتە سەر ئامێر و ئیتر دەڕوا، ئەو مرۆڤە هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی كە خودای ڕەحمان لۆی داناوە. باوەڕ بكەن هیچ مرۆڤێك وەفات ناكات لە كافرو مؤمن هەتا دوا طاقەی ئیمانیی هەتا دوا وزەی ئیمانیی خودای ڕەحمان لێی ڕاكێشابێ، لۆی كردبێتە شەهادەت لە بۆ ئاخیرەت، هەتا دوا سات لە ئیمانی ئەو مرۆڤە ئیماندارە، چەندی ئیمان هەبێ

ئەوەندە دەژی و بەجێی دەگەیەنێت، مەبەستیشم جۆری ئیمانییە نەك كات، جۆری ئەدای ئیمانیی، چەندی پێبێت ئەوەندەی دەردەدات، هەركاتێك ئەو توانایەی نەماو كۆتایی پێهات ئەوكات خودای ڕەحمان لۆ لای خۆی هەڵی دەبژێرێت، كابرای تاوانبارو كافریش هەر بەهەمان جۆرە، خودای ڕەحمان چەند دەرفەتیداوە؟ هەتا دواسات دەرفەتی دەدا كە كۆتایی پێهات و چیتر دەرفەتی نەما، خودای ڕەحمان بە زانستی خۆی دەزانێت كە بە تەواوی ئەو مرۆڤە چیتر توانای نەما دەرفەتی نەما، چیتر بەخۆداچوونەوەی خۆی بكات یەكسەر دەیباتەوە رۆژی دوایی، ئەو ئیمانە بەو جۆرەیە، لۆیە لە هەموو قورئان (آمنوا وعملوا) ئەوەیە لە بوون دێتە جێ، كە بەكردەیی ئەو نموونانە دروست دەبێ كە خودای ڕەحمان شانازییان پێوە دەكات لەسەر فریشتەكان (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً)(البقرة٣٠) كەواتە" ئەوانە دەبنە جێنشین، جێنشینی چی؟ پێشتر باسی ئایەتێكمان كرد (يَرِثُهَا عِبَادِيَ)(الأنبياء١٠٥) وشەی میراتگریی لە جێنشینییەوە هاتووە.